سێ سەدە ئەدەبییاتی کوردی / بەشی کۆتایی

کارەساتی دارمانی ئەمارەتی بابان بە دەستی هێزەکانی عوسمانی لە بەرهەمەکانی نالی و هاوعەسرانیدا رەنگی داوەتەوە. شاعیر و پەیرەوەکانی ئازایەتی و شکۆی قارەمانانی کوردیان ستایش کردووە. قودرەتی رابردووی میرنشینەکوردەکانیان پەسند کردووە و بۆ هەرسهێنانی ئەوان فرمێسکیان هەڵوەراندووە و بۆ لەدەستچوونی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان غەمبار بوون.زۆربەی شاعیرانی بابان و یەک لەوان نالی ئاوارە بوون و لە دژی دەسەڵاتی ئیرانی و عوسمانی کە خەڵکی کوردیان بە کۆیلە گرتووە دەنگیان هەڵبڕیوە. سالم لە شیعری بە ناوبانگی خۆیدا(رهایم کنید) باسی غەمی لە دەستچوونی ئەمارەتی بابان دەکا.

هەستی دژە مەزهەب و رەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی لە شیعری شێخ رەزاتاڵەبانی، بنیادنەری شیعری تەنزی کوردیدا ، پڕ رەنگتر بوو . بەرهەمەکانی ئەو کە پڕە لە ئیرادگرتن لە نابەرابەری و بێعەدالەتی کۆمەڵایەتی ولەهەڵلادانی تەماعکاریی حاکمان و دووڕوویی و تەقەدوسفرۆشی رووحانییەکان ، رۆڵێکی گەورەی لە شکڵگیریی روانگەی دێموکڕاتیکی پێشڕەو لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبوو. شاعیر بە لۆمەکردنی دیمەنەکانی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی باس لەوەدەکا ئەگەر پیاوێکی فەقیر کە هیچی نییە ، تەنیا عەیبێکی بچووکی هەبێ هەمووکەس لێی گەورەدەکاتەوە بەڵام ئەگەر دارایەک کیسەیەک زێڕی هەبێ و سەد عەیب لە وجوودیدا ، هەمووی بۆ دادەپۆشن. هەستی وڵاتپارێزی و دژ بە مەزهەب لە شیعری پەیرەوانی نالیدا و حەولدانیان بۆ دروستکردنی ئەدەبییات بە زمانی دایک کە لە خزمەت قازانجی خەڵک دابێ و مەیل بەرەو پاککردنەوە و دێموکڕاتیزەکردنی زمانی شیعر تا رادەیەک درێژەی لێکۆڵینەوەی هونەریی پەیوەنددار بە ئەحمەدی خانییەوە بوو و تا رادەیەکیش بەرهەمیی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مەعنەویی کوردەکانی نیوەی هەوڵی سەدەی نۆزدەهومەوە بوو.

حاجی قادری کۆیی (١٨١٦/١٨٩٧) بێژەری ڕاپەڕینەکانی کورد، ڕووناکبیر و دێموکڕات، یەک لەو گەورەترین شاعیرانە بوو کە بەرهەمەکانی دارماڵی حەول و تێکۆشان بۆ بێداری و ئاگایی نەتەوەیی کورده. بانگەوازە بۆ خەبات لە دژی ستەمکاریی نەتەوەیی و بێ مافی و دواکەوتوویی. شیعرەکانی لە ژێر باندۆڕی

توندی سوننەتە کلاسیکەکانی شیعری عەرەبی و فارسیدا بوو. بەڵام وردەورد لە فۆرمی شیعری پڕ پێچ و پەنا فاسیلەی گرت و هاوعەسرەکانی خۆی کە سادەیان نەدەنووسی خستە بەر لۆمە چونکە پێیوابوو شیعری پڕ پێچ و پەنا جێگای گازندە و لۆمەیە. وەک دەڵێ: ئەوەندە شێوەی شاعیرانە زۆربوون کە ئامانجی شیعریان تێدا ونبووە.بێ ئامانجی ئیدی شەرم نییە. شاعیر لە دەورانی خۆیدا زۆر غەزەڵی شاعیرانەی کوت کە باس لە جوانی و ئەفسوونی مەعشووق دەکەن. شیعرەکانی بە زمانێکی زیندوو و رۆشن بوو و تابڵۆکانی شاعیرانەی بۆ خوێنەر سادە، ئاشنا و قابیلی فەهم بوو. شاعیر بە ئاشکرا رادەگەیەنێ کە مزگەوتەکان بوونەتە مەکۆی فەساد و مەدرەسە ئایینیەکان بوونەتە شوێنی مەستەکان و عەیاشەکان. هەستی دژ بە مەزهەب و هێرشی ئاشکرای بۆ سەر رووحانییەکان بووە هۆی ناکۆکی ئەو لەگەڵ ئەو کۆڕانەی کە باندۆڕی قورسیان لە سەر کۆمەڵگای کوردی هەبوو بۆیە مەجبوور بە تەرکی وڵات بوو . باقی عومری خۆی لە غوربەتدا گوزەراند. چووە ئیستامبوول و لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخان کە لە بەرچاوترین سیماکانی فەرهەنگی کوردی و لایەنگری پێشڕەفت و رووناکبیری بوون پێوەندی نزیکی دامەزراند. لەوێ لەگەڵ ئیدەکانی ئەوکاتی شۆڕشی گەورەی فەرانسە و پێشڕەوانی رووناکبیری تورک ئاشنا بوو.ئەو ئاشناییە باندۆرێکی گەورەی لە سەر بەرهەمەکانی دواتری ئەو دانا. لە بارەی رۆڵی شەخسی بەدرخان لە شکڵ گرتنی بەرهەمەکانی حاجی قادردا، گیوی موکریانی کە ژیاننامەکەی حاجی نووسیوە دەڵێ:

دەڵێی لە دەستی بەدرخانەوە شەرابی ئەوینی بۆ خەڵکەکەی خۆی خواردەوە .

بەرهەمی نووسەرانی دەورەی تەنزیماتی عوسمانی کە لە ئیستامبوولْ لەگەڵیان ئاشنا بوو، باندۆرێکی گەورەی لە سەر جیهانبینیی حاجی قادر دانا. ئەو لە نێو شاعیرانی هاوعەسری خۆیدا، خۆی بە تەنیا دەدیت . هاوعەسرەکانی زیاتر سەبارەت بە هەستی شەخسی خۆیان دەیاننووسی و زۆریان خۆیان لە ناکۆکییەکانی زەمانە نەدەگەیاند. چارەنووس رەسالەتێکی گەورەی خستە سەرشانی حاجی قادر کە بە تەنیا رێگا خۆشکەری ئەدەبییاتی نوێی کوردی بێ. لێهاتوویی بە هێزی شاعیر و ئەوینی خۆبەخشانەی بۆ گەلەکەی لە بەرێوەبردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا سەرکەوتووی کرد. بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی کە بە ئاشکرا دژی دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتی خۆی بوو ، هۆزەکانی بۆ یەکدەنگی و خەبات لە دژی زوڵم و بێمافکردن هاندەدا و بوو بە بەستێنێکی زیندوو لە ئەدەبییاتی رووناکەرەوەی کوردی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا.

ئەدەبییاتی کوردیی (نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم)

ئەدەبییاتی کوردیی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە درێژەدەری سوننەتی مەدرەسەی نالییە کە بە گەشەکردنی بیری ڕۆشنکەرەوە، شیعری ڕەخنەگرانە و دژ بە مەزهەب سالاری ، دارماڵی هەستی وڵاتپارێزی و بەهێزکردنی خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و دروستکردنی ڕووحی شۆرشگێری ، هەروەها پاڵاوتنی زمانی ئەدەبیی کوردی لە بەرهەمی شاعیرانی دێموکراتی کورد ، لەو سەدەیەدا دەناسرێتەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای کوردی دا خۆی دەرخست.چینی ئەشرافی کورد بە داڕمانی سازمانی هۆزەکان سەریهەڵداو زمینی بەربڵاوی کەوتە بەردەست. دەسەڵاتی نوێنەرانی ڕووحانییەتی کورد وەک خاوەن ملکانی فیئوداڵی داهاتوو، بە هۆی ئیختیاراتی بێسنووری داوەری و خەزێنەداری کە لە حکوومەتی تورکیەوە دەهاتە بەردەستیان هێزێکی تەواوی پەیدا کرد. لە لایەکی دیکەشەوە زیادکردنی ماڵیات و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە سپای تورکییەدا بارێکی قورسی خستە سەر شانی خەڵکی برسی و ستەمدیدە و نیازمەندی کورد. تەواوی ئەو هۆیانە بوو کە ڕاپەڕینەکانی بەدرخان، یەزدانشێر، عوبەیدوڵڵا و ئەوانی دیکەی لێکەوتەوە. هەرکام لەو ڕاپەڕینانە لە ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی خاوەری نزیک لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بە حیساب دێ. ئەو ڕاپەڕینانە هەموو جارێ لەلایەن حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانییەوە و بە یارمەتی بریتانیا بە بێرەحمییەوە سەرکوت دەکران. لەو ڕۆژگارە عاستەمەدا ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کورد لە شیعری شاعیراندا ڕەنگی دەداوە. حاجی قادری کۆیی شاعیری شایستە و پایەبەرزی کورد ئیلهام بەخشی ڕاپەڕینی کوردەکان بوو کە دوو سەبکی جیا لە یەک لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ.

١، شیعر بە سەبکی شاعیرانی کلاسیک

٢، شیعر بە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتییەوە.

کۆیی ،ئوستادی گەورەی شیعر و فەن و هونەری نووسین لە زمانی کوردیدا بوو. نووسین و زمانی شیعری ئەو بۆ گەیاندنی ناکۆکییەکان و زەحمەتەکانی ژیان سادە و ڕۆشنە. ڕوولە خەڵکەکەی خۆی حەولدەدا لە بە کار هێنانی وشەی عەرەبی و فارسی و شێوەی شیعری کلاسیک و ئاڵۆز خۆی بپارێزێ و کۆمەڵگای دڵخوازی خۆی بە ڕوونی بڕازێنێتەوە و سیمای ڕاستەقینەی ئیمپراتووریی عوسمانی ئاشکرا بکاو ئازایانە دەڵێ وەکیل و وەزیرەکان وەک گورگ وان بۆ گیانی کۆمەڵگا و حکوومەت وەک بەربەستێک پێشی پێشوەچوونی کۆمەڵگای گرتووە.ئارەزووی رزگاربوونی گەلی کورد لە دەست ستەمی عوسمانی دەکا و

کوردستانێکی پڕ لە عیلم و هونەر و ئاوەدانی دەوێ کە عەدالەت و بەرابەری بۆ خەڵکەکەی دەستەبەر بکا و بۆ ئەو مەبەستە پێی وایە:

١، کێشەی نێوان هۆزەکان نەمێنێ.

٢، بێسەوادی نەمێنێ.

٣، هۆزەکان یەکگرتووانە دەست دەنە چەک.

٤، کاری روونکردنەوە و رۆشنگەری پەرە پێبدرێ.

ئەو ئالووگۆڕانەی لە ژێر ناوی چاکسازی لە تورکییە ئەنجام دران باندۆڕێکی باشی لەسەر بەرهەمەکانی حاجی قادرهەبوو . ناوبراو بە جوانی لە رۆڵی رۆشنگەری لە چارەنووسی گەلی کورد تێگەیشتبوو. حاجی قادر بە خۆشی و گەشبینییەوە لە دەستکەوتەکانی تازەی عیلم لە ئوروپا دەدوێ و نەتەوەی کورد بۆ فێربوونی عیلم بانگهێشت دەکا.

(فیری سەنعەت و فێری زانست بە. بۆ تۆ چ فەرق دەکا کە ئەوەی خەڵقەتی ئافڕاندووە زەڕدەشتییە یا هیندییە یا جوو.دانیشتووانی بەحەشت شوانەکانی مەڕومااڵت نین بەڵکوو خاوەنەکانی هونەر و عیلم و عرفانن.)

شیعرەکانی کۆیی نیشاندەری قۆناغێکی تازە لە پێشڕەفتی ئەدەبییاتی کلاسیکی کوردی بوو کە شان بە شانی شیعری شاعیرانی رۆشنگەری رۆژهەاڵت خاوەنی تایبەتمەندیی تاقانە وەک شووروشەوقی شۆڕشگێڕانە و جیهانگەرایی قوواڵە کە پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی و رزگاریدەری هەموو نەتەوەکانی زوڵم لێکراوی جیهان دەکا. بەرهەمی شاعیرانی وەک (حەمدون و ئەحمەد جەلیلی) باس لەروورداوە سیاسی و کۆمەاڵیەتییەکان و وەسفی جوانییەکانی سروشت دەکەن. شیعری شێخ رەزا تاڵەبانی، بنیاتنەری شیعری هەجوئامێزی کوردی، لە دژی حوکمڕانی و بێعەدالەتیی عوسمانییەکان بوو هەرچەند هیندێک شتی دژبەیەک لە نووسینەکانیدا بەدی دەکرێ، دیسانیش گرینگی تایبەتیی خۆی هەیە. تاڵەبانی کۆڕی یەکێک لە رێبەرانی فرقەی سۆفیگەری بوو. لەگەڵ ئەوەی شیعرەکانی بە پێهەڵکوتن بە شێخ و سوفی دەست پێدەکا هاوکات لە باسکردنی دووڕوویی ئەو کەسانەی لە مەزهەب بە قازانجی ئامانجە دزێوەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن چاوپۆشی ناکا. شیعرە هەجوئامێزەکانی تاڵەبانی نەخشێکی گەورەی لە تەکمیلکردنی ئەدەبییاتی مودێرنی کوردی و شکڵ پێدانی بیری پێشکەوتوو لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبوو.لەو دەورەیەدا بۆچوونی دیکەش لە شیعری شاعیرانی

کورددا دەبیندرێ.شاعیرانی وەک سالمی سنەیی، مەحوی، ئوستاد حەریق ، غەزەلبێژی گەورەی کورد کە غەزەلەکانی خاوەنی بایەخی بەرزی هونەرین و میسباحەلدیوان غەزەلبێژی گەورەی دیکە کە ناوەرۆکی شیعرەکانی هەستی ئینسانی و عیشقی زەمینی و شادییەکانی ژیان دەخاتە روو لەو دەستە شاعیرانەیە کە لە چوارچێوەی غەزەلدا کونجی خەڵوەتیان هەڵبژاردووە. لەسەریەک ئەدەبییاتی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا درێژەدەری شێوەی نالی کە بە هاتنە گۆڕێی ئەفکاری رۆشنگەرانە ، شیعری هەجوئامێز، دژبەریکردنی مەزهەب سالاری ، بزواندنی هەستی وڵاتپارێزی، و بەهێزکردنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حەوڵدانی بۆ پاڵاوتنی زمانی ئەدەبیی کوردی و لە نیهایەتدا پەروەردەکردنی رووحی شۆڕشگێری لە بەرهەمی شاعیرانی ئازادیخوازی کوردی سەدەی نوزدە پێناسە دەکرێ.

کۆتایی.

لە فارسیڕا کراوەتە کوردی.